دیمانە: کارزان کانەبی

# ساڤیان ئیبراهیم:
# بەرپرسان گرنگی بە یارییە تاکەکان نادەن

**■ ساڤیان ئیبراهیم یەکێکە لە یاریزانە بەتواناکانی شاری هەولێر و شەقڵاوە لە یاری تێنسی سەرمێز، توانیویەتی چەندین ئەنجامی بەرچاو لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق لەگەڵ یانەی شەقڵاوە بەدەست بهێنێ، ناوبراو لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٢ی شارۆچکەی شەقڵاوەیە و دەرچووی پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان بەشی وەرزشیە، ئێمەش لەنزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.■**

***ئاستی یاری تێنسی سەرمێز لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

-ئاستی ئەم یارییە لەم ساڵدا زۆر باشترە لە چاو ساڵانی ڕابردوو، تەواوی یانەکان ئەمساڵ دەیانتوانی یاریزانێکی پیشەگەر لەگەڵ یانەکانیان بەشدار پێبکەن، ئەمەش وایکرد لە پاڵەوانیتەکان ئاستی پاڵەوانیتەکە بەهێزتر بێت.

***ئەی ئاستی ئەم یارییە لە شاری هەولێر لە چ ئاستێکە؟**

- لە ئێستادا من گەشبینم بە ئاستی یاری تێنسی سەرمێز لە شاری هەولێر، چونکە یانەکان گرنگی باش بە ئاستی کچان دەدەن لەم یارییە و ڕۆژ بەڕۆژیش ڕێژەی کچە وەرزشوانی ئەم یارییە لە زیاد بوونە.

***بە بۆچونی تۆ چی بکرێت باشە بۆ بەرەوپێشچوونی ئەم یارییە لە کوردستان؟**

-گرنگی زیاتر بەم یارییە بدرێت، یاریزانانی کچ مەشقی بەردەوامیان بۆبکرێتەوە بۆئەوەی ئاستیان بەرزبێتەوە.



یانەکانیش گرنگی بەکردنەوەی قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانان بدەن.

*** هەست ناکەی یاریزانی کچ کەم بەشداری ئەم یارییە دەکەن لە کوردستان؟**

-دوو هۆکار هەیە بۆکەمی بەشداری کردنی کچان لەم یارییە، هۆکاری یەکەم کچان خۆیان بەشداری ناکەن و دوورە پەرێزن، هۆکاری دووەمیشیان بەرپرسانی وەرزشی گرنگی بە یارییە تاکەکان نادەن بەگشتی.

***کێشەو گرفتان چییە لەم یارییە؟**

-بەش بە حاڵی خۆمان وەکو یانەی شەقڵاوە هۆڵمان هەیە و مەشقی بەردەوام دەکەین، بەڵام زۆر یانە هەیە بەهۆی نەبوونی هۆڵ ناتوانن گرنگی بەم یارییە بدەن.

***چی بەو کچانە دەڵێی کە دوورن لە وەرزشکردن؟**

-بەهیوای ئەوەم کچانیش بێن بەشداری وەرزش بکەن و بتوانن بوونی خۆیان بسەلمێنن و خانەوادەکانیشان هاوکاریان بکەن بۆ وەرزش کردنیان.

***باشترین ئەنجامەکانت لەگەڵ یانەی شەقڵاوە؟**

-بۆماوەی چوار ساڵ لەسەر یەك پاڵەوانی عێراق بووینە ئەنجامان لەسەر ئاستی کوردستان و شاری هەولێر هەبووە.

***هیواو ئاواتت چیە لەم یارییە؟**

-بەهیوای ئەوەم بتوانم ئەنجامێکی شایستە لەسەر ئاستی عێراق بەدەست بهێنم لە پاڵەوانێتیەکانی دەرەوە ئەنجامی بەرچاو بەدەست بهێنم.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-سوپاس بۆگۆڤاری گوڵانی خۆشەویست کەبەردەوام ئافرەتانی وەرزشکار بەسەر دەکاتەوە لەشار و شارۆچکەکانی کوردستان بەهیوای ئەوەم گرنگی زیاتر بە ئافرەتانی وەرزشکار بدات.

# یانە بەشداربووەکانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا ئاشکرا کرا

دوای ئـەوەی خولـی یانـە پاڵەوانەکانی ئەوروپـا لە وەرزی ڕابردوو ڕکابەرییەکی بەهێز لە نێوان یانە بەشداربووەکان هەبوو، لە کۆتاییدا یانەی چێلسی توانی نازناوی پاڵەوانێتیەکە بە دەستبهێنێت، یەکێتی تۆپی پێی ئەوروپا لیستی ناوی ئەو یانانەی ئاشکرا کردووە، کە بەشداری لـە ڕکابەرییەکانی خولی یانـە پاڵەوانەکانی ئەوروپا دەکەن، کە بەمشێوەی خوارەوەیە.

ئەو یانانەی ڕاسـتەوخۆ بەشداری لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا دەکەن لە کۆمەڵەکان بریتین لە.

ئیسپانیا: ڕیال مەدرید، بەرشلۆنە، ڤالنسیا.

ئینگلتەرە: مانچسـتەر یۆنایتد، مانچستەر سیتی، ئەرسناڵ، چێلسی.

ئەڵمانیا: بروسـیا دۆرتمۆند، بایرن میونیخ، شالکە.

ئیتاڵیا: یۆڤانتوس، ئەی سی میلان.

فەرەنسا: مۆنپیلیە، پاریس سان جێرمان.

پورتوگال: بەنفیکا، پۆرتۆ.

رووسیا: زینێت سان بتروسبۆرگ.

ئۆکرانیا: شاختار دۆنتیسك.

هۆڵەندە: ئەیاکس ئەمستردام.

تورکیا: گەلاتەسرای.

یۆنان: ئۆلۆمپیاکۆس.

دانیمارك: نۆرشیلاند.

لـە هەمان کاتدا یەکێتی تۆپی پێی ئەوروپا ناوی ئەو یانانەی ئاشـکرا کرد، کە بەشداری لە یارییەکانی پاڵاوتـن بۆ جامی نەتەوەکانی ئەوروپا دەکەن بەمشێوەیە.

یارییەکانـی پاڵاوتنی قۆناغـی کۆتایی، کە یانەکان ڕاسـتەوخۆی سەرکەوتوون بۆ ئەم قۆناغـە و تەنیا یەك یاری بەشـێوازی چوون هاتن ئەنجـام دەدەن بۆ ئەوەی سـەرکەون بۆ قۆناغی کۆمەڵەکان بریتین لە یانەکانی.

ئیسـپانیا: (مەلەگا)، ئەڵمانیا: (بروسـیا مونشنگلادباغ)، ئیتاڵیا: (ئۆدنیزی)، فەرەنسا: (لیـل)، پورتـوگال: (سـپۆرتینگ براگا)، ڕووسیا: (سپارتاك مۆسکۆ).

یارییەکانی پاڵاوتن بۆ قۆناغی سـێیەم، کە یانـەکان یەك یاری بەشـێوازی چوون و هاتن ئەنجام دەدەن بۆ ئەوەی سـەرکەون بۆ قۆناغی کۆتایی بریتین لە یانەکانی:

رۆمانیـا: (کلـوج، فاسـلۆی)، بەلژیکا: (ئەندرلەخـت، کلوب بروگ)، ئوسـکتلەندە: (سێلتیك، مەزرویڵ)، ئۆکرانیا: (دینمۆکییف)، هۆڵەنـدە: (فاینـۆرد ڕۆتـردام)، تورکیـا: (فنەرباخچـە)، یۆنـان: (پاناسـیناکۆس)، دانیمارك: (کۆپنهاگن).

یارییەکانی پاڵاوتـن بۆ قۆناغی دووەم، کە یانـەکان یەك یاری بەشـێوازی چوون و هاتن ئەنجام دەدەن بۆ ئەوەی سـەرکەون بۆ قۆناغی سێیەم بریتین لە:

سویسـرا: (بـازل)، ئیسـرائیل: (ئیـرۆن شـمۆنا)، چیك: (سـلۆڤان لیبرتچ)، نەمسا: (سـالزبۆرگ)، قوبـرس: (ئێل لیماسـۆل)، بولگاریا: (رازگـراد)، کەرواتیـا: (دینامۆ زگرب)، ڕووسـیای سپی: (باتی بۆریسۆف)، پۆلەندە: (سالکا وارشۆ)، سلۆڤاکیا: (زیلینا)، نەرویج: (مولدی)، سـوید: (هلسـنبۆرگ)، بۆسنە: (زیجلنکار)، فنلندا: (ئیش جی کی)، کۆماری ئێرلەنـد: (شـامرۆك)، هەنگاریا: (دیبرشینی)، مۆلداڤیا: (شـریف تیراسۆل)، لیتوانیا: (ئەکرانسـا)، لاتفیـا: (فتنلیس)، جۆرجیا: (زستافۆنی)، ئازربینجان: (نیڤتجی باکـۆ)، سـلۆڤینیا: (ماریبـۆر)، مقدۆنیا: (فاردار)، ئیسـلەندە: (کەی ئار)، کازخستان: (شـاختار کراگانـدی)، سـربیا: (بارتیزان بەلگراد)، ئەلبانیا: (سـکندریۆ)، ئەستۆنیا: (فلۆرا تالین)، وێلز: (نیو سـێنتز)، ئەرمینیا: (ئۆلیسێس)، مۆنتێنیگرۆ: (بۆدۆکنۆست).

یارییەکانـی پاڵاوتن بۆ قۆناغی یەکەم، کە یانـەکان یەك یاری بەشـێوازی چوون و هاتن ئەنجام دەدەن بۆ ئەوەی سـەرکەون بۆ قۆناغی دووەم بریتین لە:

ماڵتا: (ڤالیتـا)، دوورگەکانی ڤارۆ: (ئێف سی ٣٦ تۆرشـاڤن)، ئەندۆرا: (لۆستارۆس)، ئێرلەندەی باکوور: (لینفیڵد)، لۆکسـمبۆرگ: (دۆدلانگ)، سان مارینۆ: (لۆستانۆس).

جێگەی باسە یارییەکانی پاڵاوتن بۆ خولی یانـە پاڵەوانەکانـی ئەوروپا دەسـتپێکردووە و قۆناغـی یەکـەم و دووەم کۆتایی هاتووە و چاوەڕوانی ئەنجامدانی تیروپشك بۆ یارییەکانی قۆناغی سێیەم دەکرێت.

ڕێبین ڕەمزی



## مانچستەر یونایتد بە نرخترین یانەی جیهانە

یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی پارێزگاری لە پلەی یەکەمی بە نرخترین یانەکانی جیهانی کرد بۆ ساڵی ٢٠١٢ بە پێی ڕاپۆرتێك کە گۆڤاری فۆربسی ئەمریکی تایبەتمەند بە بواری ئابووری بڵاوی کردەوە و لە پێش یانەی ڕیاڵ مەدریدی ئیسپانی هات، نرخی یانەی مان یونایتد پاڵەوانی خولی ئینگلتەرا لە ١٩ جاردا بە بڕی (٢,٢٣) ملیار دۆلار خەمڵێنرا لە بەرامبەر (١,٨٨) ملیار دۆلار بۆ یانەی ڕیال مەدرید.

لە لیستی بەنرخترین ٥٠ یانەی جیهاندا ٣٢ یانە تایبەت بوون بە یاری تۆپی پێی ئەمریکی، هەروەها ناوی تیپی فیراری لە فۆرمولا وەن و یانەی نیویۆرك نێکس لە یاری باسکەی تێدا بوو، لە لیستەکەدا یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی ١٨ پلە سەرکەوت و یانەی ئەرسنالی ئینگلیزی سێ پلە گەڕایەوە دواوە، ئەوەش لیستی بە نرخترین ١٠ یانەی جیهانە:

١- یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی (تۆپی پێ) ٢,٢٣ ملیار دۆلار
٢- یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی (تۆپی پێ) ١,٨٨ ملیار دۆلار
٣- یانەی نیویۆرك یانکیزی ئەمریکی (بێسبۆل) ١,٨٥ ملیار دۆلار
٤- یانەی دالاس کاوبۆیزی ئەمریکی (تۆپی پێی ئەمریکی) ١,٨٥ ملیار دۆلار
٥- یانەی واشنتۆن ڕیدسکنزی ئەمریکی (تۆپی پێی ئەمریکی) ١,٥٦ ملیار دۆلار
٦- یانەی لۆس ئەنجلۆس دۆدگزی ئەمریکی (بێسبۆل) ١,٤٠ ملیار دۆلار
٧- یانەی نیوئینگلاندی ئەمریکی (تۆپی پێی ئەمریکی) ١,٤٠ ملیار دۆلار
٨- یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی (تۆپی پێ) ١,٣١ ملیار دۆلار
٩- یانەی نیویۆرك جاینتسی ئەمریکی (تۆپی پێی ئەمریکی) ١,٣٠ ملیار دۆلار
١٠- یانەی ئەرسنالی ئینگلیزی (تۆپی پێ) ١,٢٩ ملیار دۆلار

## کاسیاس..



ئیکەر کاسیاس کاپتنی هەڵبژاردەی ئیسپانیا دووپاتیکردەوە کە ئەو پێشکەوتنە گەورەیەی لە تۆپی پێی ئیسپانیا ڕوویداوە لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا بەروبوومی کارکردنی پڕۆژەیەکە کە پێش ١٣ ساڵ دەستی پێکردووە، کاسیاس لە لێدوانێکدا لە وڵاتی ئیسپانیا ڕوونی کردەوە هەڵبژاردەی ئیسپانیا سوودی

## ڕۆناڵدۆ: کاتی ئەوە هاتووە بەرازیل لە ئۆڵۆمپیاد یەکەم بێت

ڕۆژی هەینی داهاتوو لە شاری لەندەن یارییەکانی ئۆڵۆمپیادی لەندەن ٢٠١٢ دەست پێدەکات بە بەشداری زیاتر لە ١٢ هەزار وەرزشوان لە ٢٠٤ وڵات، یەکێك لە یارییەکانی ئەم ئۆڵۆمپیادە یاری تۆپی پێیە کە یاریزانەکانی بەشداربوو لەژێر تەمەنی ٢٣ ساڵیدان لەگەڵ بەشداریکردنی سێ یاریزانی ئەستێرە سەرووی ٢٣ ساڵ، هەرچەندە بەرازیل خاوەن مێژوویەکی پڕشنگدارە لە جامی جیهانی و پاڵەوانەتییەکانی دیکەدا، بەڵام تا ئێستا نەیتوانیوە میدالیای زێڕی ئۆڵۆمپی بەدەست بهێنێت، ئەمجارەیان بەرازیلییەکان گەشبینن بە پێکهاتەی هەڵبژاردەکەیان، چونکە ئەم پێکهاتەیە بە ڕێژەیەکی زۆر هەمان ئەو پێکهاتەیە کە بەشداری لە جامی جیهانی ٢٠١٤ لە وڵاتی بەرازیل دەکەن.

دیاردەی تۆپی پێی بەرازیلی ڕۆناڵدۆ کە لەگەڵ هەڵبژاردەی بەرازیل جامی جیهانی ٢٠٠٢ و میدالیای برۆنزی ئۆڵۆمپیادی ئەتلانتای ١٩٩٦ی بەدەست هێناوە گەشبینی خۆی دەربڕی بە هەڵبژاردەی وڵاتەکەی کە دەتوانێت ئەمجارە میدالیای زێڕی ئۆڵۆمپیادی لەندەن بباتەوە، ڕۆنالدۆ لە لێدوانێکدا بۆ ئاژانسی ڕۆیتەرز گوتی: هیچ پاساوێك نییە کە ئەمجارەش بەرازیل شکست بهێنێت لە یارییەکانی ئۆڵۆمپیدا، پێویستە بە جددی مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکە بکەین.

هەروەها ڕۆنالدۆی گەورە گوتی: کاتی ئەوە هاتووە بەرازیل ببێتە پاڵەوانی ئۆڵۆمپیاد، ئێستا ئەم ئۆڵۆمپیادە بۆ ئێمە زۆر باشە، چونکە ئەرژەنتین هەڵگری نازناوی هەردوو ئۆڵۆمپیادی ٢٠٠٤ و ٢٠٠٨ لە پاڵاوتن سەرنەکەوت بۆیە کات بۆ بەرازیل گونجاوە میدالیای زێڕ بەدەست بهێنێت.

شایانی باسە هەڵبژاردەی بەرازیل لە گروپی سێیەم یاری دەکات لەگەڵ هەڵبژاردەکانی بیلاروسیا و میسر و نیوزیلەندا.



## هـۆکاری سەرکـەوتـنەکانی ئیسپانیا ئاشکرا دەکات

لە هەڵەکانی پێشـــووی خۆی وەرگرتووە تا ئەو کاتەی توانی مێژوو بگۆڕێت لە یۆرۆی ٢٠٠٨ کە توانی جامی یۆرۆ بباتەوە، هەروەها ئەوەشی ڕاگەیانـــد کە یاریزانـــەکان لەلایەنی دەروونی و جەســـتەیی ئامادەکراون بۆ ئەوەی ببنە پاڵەوانی وەرزشـــی و توانیان خۆشـــی بۆ گەلی ئیسپانیا بهێنن لە نێو کێشەی دارایی وڵاتدا.

لەلایەکی دیکەوە کاســـیاس سەبارەت بە خەڵاتی باشترین یاریزانی جیهانی ساڵی ٢٠١٢ ڕایگەیاند کە خەڵاتەکە لە نێوان چوار یاریزانە کریســـتیانۆ ڕۆنالدۆ و لیۆنیل میســـی و ئەندرێس ئەنێستا و زاڤـــی هێرناندیز هەرچەندە ئەویش بۆ ئەم خەڵاتە پاڵێوراوە، ئەوەشی دووپاتکردەوە کە کاندیدکردنی گۆڵچییەك بۆ خەڵاتی تۆپی زێڕین ڕێزلێنانەکە بۆ ئەوان کە لایەنێکی گرنگن لە یاری تۆپی پێ، کاســـیاس ڕازی نەبوو ئەوە ئاشکرا بکات دەنگ بە کام یاریزان دەدات.



# یویفا پاڵێوراوانی خەڵاتی باشترین یاریزانی ئەوروپا ئاشکرا دەکات

یەکێتی تۆپی پێی ئەوروپا (یویفا) لیستێکی بە ناوی ٣٢ یاریزان ئاشکرا کرد بۆ خەڵاتی باشـــترین یاریزانی ئەوروپا بـــۆ وەرزی ٢٠١١-٢٠١٢ کە تیایدا ٨ یاریزانی هەڵبژاردەی ئیسپانیا لە خۆدەگرێت، هەروەها لیستەکە ناوی یاریزانی بەناوبانگی ئیســـپانیا ڕاول گۆنزالیزی تێدایە لەگـــەڵ یاریزانی ئەرژەنتینی لیۆنیل میسی کە لە دوو ساڵی ڕابردوو ئەم نازناوەی بەدەست هێناوە.

ئەم لیستە لەلایەن ٥٣ ڕۆژنامەنووسی وەرزشی ئەوروپا ئامادەکراوە، لە ڕۆژی ٢٠١٢/٨/١٤ ناوی ســـێ یاریزان ئاشکرا دەکرێت کە ململانێ لەسەر نازناوەکە دەکەن و دواتر لە ڕۆژی ٢٠١٢/٨/٣١ خەڵاتەکە لەشاری مۆناکۆی فەرەنسی لەگەڵ تیروپشـــکی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا دەدرێتە باشترین یاریزان.

ئەمەش لیستی یاریزانەکانە:

* یانەی ڕیال مەدریدی ئیســـپانی: ئیکەر کاســـیاس (ئیســـپانیا) – زاڤی ئەلۆنزۆ (ئیســـپانیا) – سێرجیۆ ڕامۆس (ئیســـپانیا) – کریستیانۆ ڕۆنالدۆ (پورتـــوگال) – فابیۆ کۆنتراو (پورتوگال) – کلیبـــەر پیپی (پورتوگال) - مەسعود ئۆزیل (ئەڵمانیا)

* یانەی مانچســـتەر سیتی ئینگلیزی: دیڤید ســـیلڤا (ئیسپانیا) – ماریۆ بالۆتیللی (ئیتالیا) – سیرجیۆ ئەگوێرۆ (ئەرژەنتین) – جۆ هارت (ئینگلتەرا) – یایا تۆرێ (کۆتدیڤوار) – ڤینسینت کۆمپانی (بەلژیکا)

* یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی: ئەندرێس ئەنێستا (ئیسپانیا) – زاڤی هێرناندیز (ئیســـپانیا) – سیسك فابریگاس (ئیسپانیا) – لیۆنیل میسی (ئەرژەنتین)

* یانـــەی چێلســـی ئینگلیـــزی: فیرنانـــدۆ تۆریس (ئیسپانیا) – دیدی درۆگبا (کۆتدیڤوار) پێوەندی بە یانەی شـــەنگەهای چینی کردووە – فرانك لامپارد (ئینگلتەرا) – پیتەر چیك (کۆماری چیك)

* یانەی یۆڤانتســـی ئیتالـــی: جیان لویجی بۆفۆن (ئیتالیا) – ئەندریا پیرلۆ (ئیتالیا)

* یانەی بروسیا دۆرتمۆندی ئەڵمانی: شینجی کاگاوا (ژاپۆن) پێوەندی بە یانەی مان یونایتد کردووە - یاکۆب بۆچۆکۆڤسکی (پۆلەندا)

* یانەی ئەی ســـی میلانـــی ئیتالی: زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ (سوید)

* یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی: وێین ڕونی (ئینگلتەرا)


* یانـــەی ئەتلەتیکـــۆ مەدریدی ئیســـپانی: ڕادمیل فالکاو (کۆلۆمبیا)

* یانەی بانجۆر ســـیتی ویلزی: لیسلی دیڤیز ( ویلز)

* یانەی تۆتنهامی ئینگلیزی: لۆکا مۆدریچ (کرواتیا)

* یانەی شالکەی ئەڵمانی: ڕاول گۆنزالیز (ئیسپانیا) پێوەندی بە یانەی سەدی قەتەری کردووە.

* یانەی ئەرسنالی ئینگلیزی: ڕۆبن ڤان پێرسی (هۆڵەندا)




ئامادەکردنی ئەم دوو لاپەڕەیە: سالار جەلال

# کچانی برایەتی پاڵەوانی پاسکیل سواری عێراقی بوون

لە شـاری دهـۆك لەسـەر ڕێگای باعەدرێ –خنسـی سـەر بە پارێزگای دهۆك، بەسەرپەرشـتی یەکێتی ناوەندی پاسکیل سواری عێراقی قۆناغی سێیەمی پاڵەوانێتی پاسـکیل سـواری یانەکانی کوردسـتان بـە بەشـداری ١٨ یانـەی شارەکانی عێراقی ئەنجامدرا، بۆ هەر یەك لە ئاسـتەکانی کوڕان بۆ پێشـکەوتوان و لاوان و تازەپێگەیشتوان بۆ ئاستی کچان، لە پاڵەوانێتیەکەشدا یاریزانانی بەشداربووی پاڵەوانێتیەکـە ململانێیەکـی بەهێزیان لە نێوان دا هەبوو بەمەبەستی بەدەست هێنانی ئەنجامەکانی پێشەوە، ئەنجامی کۆتاییش بەم شێوەیەی خوارەوەبوو.

ئاستی کچان
١-یانەی برایەتی
٢٠-یانەی نەورۆز
٣-یانەی دووکان
ئاستی کوڕان پێشکەوتوان
١-یانەی سناعە
٢-یانەی هەولێر
ئاستی لاوان
١-یانەی ئامێدی
٢-یانەی هەولێر
ئاستی تازەپێگەیشتوان
١-یانەی هەولێر
٢-یانەی بەلەدیەی ناسرییە





## یانەی نەورۆز بووە پاڵەوان

هەفتـەی ڕابـردوو کۆتایـی بـە خولی یانـە بژاردەکانی کوردسـتان هـات بۆ تۆپی دەسـت، دوای ڕکابەرییەکـی زۆر لەنێوان یانە بەشـداربووەکان بەتایبەتی لەنێوان هەر سـێ یانەی سلێمانی و نەورۆز و هەولێر، لە کۆتاییدا یانـەی نەورۆز توانی نازنـاوی پاڵەوانێتییەکە بۆ خۆی مسـۆگەر بکات بـۆ یەکەمجار لە مێژووی خۆیـدا دوای ئەوەی لە دوایین یاری



## کەرکوکیەکان کۆنترۆڵی جۆدۆی کوردستانیان کرد

لە شـاری دهۆك لە هۆڵی چالاکی وەرزی و دیدەوانی پەروەردەی دهۆك، بە سەرپەرشـتی یەکێتـی ناوەندی جۆدۆی کوردسـتان و بە هاوکاری لقی دهۆکی یەکێتیەکە و بە بەشـداری هەریەك لە یانەکانی (خەبات، نیشـتمان، کەیوان، خاك، سۆلاڤی نوێ، سلێمانی، سەورە، سێمیل، دهـۆك، ئاکرێ، پێنجوین) پاڵەوانێتی جۆدۆی یانەکانی کوردسـتان ئەنجامدرا کە ماوەی دوو ڕۆژی خایاند، یاریزانانی بەشـداربووی یانەکان لەسەر کێشەکانی ٦٦کگم بۆ+١٠٠ لەسـەر بەدەست هێنانی نازناوی خولەکە کێبڕکێیان دەکرد، یاریزانانی بەشـداربووش ئاستێکی بەرزیان پێشکەش کرد، ئەنجامی کۆتاییش بەمشێوەیە بوو.

١-یانەی سەورە
٢-یانەی سۆلاڤی نوێ
٣-یانەی خاك
٣-یانەی ئاکرێ

# کچانی سەنحاریب پاڵەوانی فوتساڵی دهۆک بوون



بەمەبەستی زیاتر خزمەتکردنی یاری فوتساڵ لە شاری دهۆك، لقی دهۆکی یەکێتی تۆپی پێی شارەکە و بەهاوکاری نوێنەرایەتی لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستانی شاری دهۆك و بە بەشداری شەش یانەی شاری دهۆك و دەوروبەری پاڵەوانێتی فوتساڵی کچانی یانەکانی دهۆك بۆماوەی یەك هەفتە بەڕێوەچوو، لە پاڵەوانێتیەکەشدا دوای ئەنجامدانی چەندین یاری هەردوو یانەی زێرەڤانی و سەنحاریب گەیشتنە یاری کۆتایی، لە یاری کۆتایشدا لە هۆڵی پەروەردەی وەرزشی بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆری هاندەرانی وەرزشی بەڕێوەچوو، لەم یاریشدا کچانی سەنحاریب توانیان ئاستێکی بەرزی یاری فوتساڵ پێشکەش بکەن و نازناوی پاڵەوانێتیەکەش بۆخۆیان مسۆگەر بکەن، یارییەکەش بە ئەنجامی (٤-٢)گۆڵ ببەنەوە و ببنە پاڵەوانی خولەکە و یانەی زێرەڤانیش پلەی دووەمی پێبڕا، لە کۆتاییشدا لەلایەن ئامادەبووان خەڵات و دیاری بەسەر یاریزان و یانە سەرکەوتووەکان دابەشکرا.



## ـــــی کوردستان بۆ تۆپی دەست

خولەکەدا بەرانبەر یانەی سلێمانی یەکسانبوو بە ئەنجامی (٢٥-٢٥) گۆڵ، یانەی سلێمانی خاوەن نازناوی پاڵەوانێتییەکە لەوەرزی ڕابردوو نەیتوانی پارێزگاری لە نازناوەکە بکات و پلەی دووەمی خولەکەی بە دەستهێنا و یانەی هەولێر هەرچەندە پشتی بە یاریزانانی لاو بەستبوو لەم خولەدا، بەڵام توانی ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات و ببوە جێگەی دەستخۆشی و سەرسوڕمانی گشت چاودێرانی وەرزشی کوردستان و توانی پلەی سێیەم بە دەستبهێنێت.

بە پێی بۆچوونی چاودێرانی بواری تۆپی دەست خولی کوردستان لە وەرزی ئەمساڵدا زۆر بەهێز بوو و ڕکابەرییەکان تا دوا ساتەکانی خولەکە بەردەوام بوو و ئاستی هونەری یانەکان زۆر بەرز بوو و ئەنجامی زۆربەی یارییەکان لێك نزیك بوو و لە هەندێك یاری تەنیا بە جیاوازی گۆڵێك یاخود دوو گۆڵ یارییەکان تەواو دەبوو.

جێگەی باسە خولی بژاردەکانی کوردستان لەژێر چاودێری یەکێتی تۆپی دەست کوردستان بەڕێوە دەچێت.

# یانەی خەبات لە کوڕان و ئافرەتان، پاڵەوانی تایکواندۆی هەولێر بوون

بەمەبەستی زیاتر خزمەتکردنی یاری تایکواندۆ لە شاری هەولێر، لە پارکی منارە لە شاری هەولێر، بە سەرپەرشتی یەکێتی تایکواندۆی لقی هەولێر و بە بەشداری هەشت یانەی سنووری پارێزگای هەولێر، پاڵەوانێتی تایکواندۆی یانەکانی شاری هەولێر بۆماوەی یەك ڕۆژ لە هەردوو ئاستی کوڕان و کچان بەڕێوەچوو، لە پاڵەوانێتیەکەشدا کوڕ و کچانی شاری هەولێر توانیان ئاستێکی بەرزی یاری تایکواندۆ پێشکەش بکەن و ململانێ یەکی بەهێزیان دەکرد لەسەر بەدەستهێنانی پلەکانی پێشەوەی پاڵەوانێتیەکە، ئەنجامی کۆتاییش بەم شێوەیەی خوارەوە بوو.



**ئاستی کچان**

١-یانەی ئافرەتانی هەولێر

٢-یانەی ئارارات

**ئاستی کوڕان**

١-یانەی خەبات

٢-یانەی چۆمان